دەزگای میدیایی کەرکوک دەریدەکات
تصدر عن مؤسسة كركوك الاعلامية

# ١٧ گۆڤاری مجلة

6
تشرینی یەکەم
2021



## تەڵعەت تاهیر:
## کەرکوک وەکو کچێکم وایە که لێم دوورە



ئەحمەد کایا
باڵاترین ئاستی هونەری و نیشتیمانی



من ذاكرة مبدعات كركوك ..
عالية محمد أمين



دڵخۆش عەبدوڵا :
بەبوێری و ئازایەتییەوە وەرزش دەکەم

# هەڵکەندنی یەکەم بیری نەوت لەکەرکوک



فەرهاد هەمزە

دوای ئـەوەی ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩٢٥ ڕێکەوتنێکی ٧٥ ساڵیان لەگەڵ حکومەتی عیراقدا بەست ئنجا خۆیان سازدا تا کارەکەیان بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە .

بۆ هەڵکەندنی یەکەم بیرە نەوت زانایانی کۆمپانیای نەوتی عیراق سەرەتا مەزەندەیان بۆ ناوچەی خورماتوو چوو ئەوەبوو لەساڵی ١٩٢٦ یەکەم نێردەی جیۆلۆجی بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر(دۆیۆخ )بە١٢ دەزگای هەڵکەندنەوە لەناوچەیەکی نزیک خورماتوو خێوەتیان هەڵدا، لە ١٩٢٧/٤/٥ وبەئامادەبوونی مەلیك فەیسەڵ یەکەمین بیری نـەوت لـەو نـاوچـەیـە هـەڵکەنرا ،پاشان سیانی تریش لێدرا بەڵام هیچیان سەرکەوتوو نەبوون .

دوای چـەنـد تـاقـی کـردنـەوەیـەکـی سـەرنـەکـەوتـوو ئـەنجـوومـەنـی ئـیدارەی کۆمپانیای نەوتی عێراق دووچاری بێ ئومێدی بوولەئاست بوونی نەوت دا ، لەم بوارەدا بیونە دووبەرەوە بەرەیەکیان لەگەڵ ئەوەدا بوون هیچ بیرێکی ترهەڵنەکەنرێ ، بەرەکـەی تریش وایـان بـەچاك زانـی بـەردەوام بن لەسەر هەڵکەندن ، دواجار پسپۆرێکی جیۆلۆجی بەناوی (ترۆبریدج) هاتە ناوچەکەوە ولەدواییدا راپۆرتێکی بۆ سەرووی خۆی نووسی زۆربەدڵنیاییەوە باسی لەبوونی نەوت لە باباگوڕگوڕی کەرکوك دەکـرد، ئـەوە بوو لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٧دەست کرا بەهەڵکەندن ، لەنێوە شـەوی ١٤ای ئۆکتۆبەر قوولی بیرەکە ٤٦٤مـەتـری تێپەڕکرد ، بـەڵام بەهۆی هـەڵـەیـەکـی تەکنیکییەوە کە روویـدا نەوتی ژێر زەوی فیچقەی کـردو هەرچی دەزگای هەڵکەندنەکە هەیە فڕێی داو گەیشتە بـەرزی زیاتر لە ٦٠مـەتر رۆژانـە ٧٥ هـەزار بەرمیل نـەوت بەقولی نیومەتر بەشێوێکی ئەو دەڤـەرەدا دەرۆی، لەوەوە ئەوشێوە ناونرا شێوی نەوت کە دەکەوێتە نزیك گوندی شۆراو گورگە چالەوە ، بەپێی ئاماری ئەوکاتە زیاتر لە ٦٠٠هـەزار بەرمیل نەوتی تێ رژابوو .

لەئەنجامی ئـەم رووداوە ئەندازیارێکی ئینگلیز وچـەند کرێکارێك گیانیان لەدەست دا ،نۆ رۆژ بەم شێوەیە نەوت هەر دەرۆیی تاڵە٢٢ی ئۆکتۆبەر لەسەعات ٣ی شەو توانرا کۆنترۆڵ بکرێ ، لەئایاری ١٩٣٤دەست کرابەقوڵ کردنەوەی بیرەکە تا ٦٠٧م .

بـەم چەشنە چیرۆکی دۆزینـەوەی نـەوت لـەبـاباگـوڕگـوڕ چـوە نێو لاپـەرەکـانـی مێژووەوە ولەو رۆژەوە عێراق بووە وڵاتێکی نەوتی.

ئەم بیرە ناونرا بیری ژمارە (١)تاساڵی ١٩٤٠ بەرهەمی هەبوو ، لەوەبەدوا بەیەکجارەکی داخـراو لـەبـەر گرنگییە مێژووییەکەی شوێنەکەی پارێزراوە .



بیری ژمارە (1) دوای وشکبونی لە چلەکانی سەدەی رابردوو

لە ئەرشیفی/ فەرهاد هەمزە



هەڵکەندنی یەکەم بیری نەوت لە کەرکوك ١٩٢٧/١٠/١٤

لە ئەرشیفی/ فەرهاد هەمزە